# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

## ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 24 (6ی ئادار– 12ی ئاداری 2017)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی بارودۆخەکە بە هەرەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەورووبەری 20ی ئاداری 2017 بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- لەو هەفتەیەی ٦ی ئادار تاوەکو ١٢ی ئاداری ٢٠١٧ نزیکەی 18,100کەس لە ڕۆژئاوای موسڵ بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانەوە ئاوارەبوون؛ کۆی گشتی، نزیکەی 69,000 کەس لە ڕۆژئاوای موسڵ ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بە گوێرەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بە گوێرەی ژمارەکانی حکومەت، کۆی گشتی ئاوارەبوونی ڕۆژئاوای موسڵ دەگاتە 92,035 کەس.
- ئەم توانایەی ئێستای خێوەتگە لەبارە بۆ لە خۆگرتنی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژئاوای موسڵ تازە ئاوارەدەبن. لەو کاتەوەی ١٢ی ئادار، 6,052 شوێنی خزمەتگوزاری تەواو بەرجەستەکرابوون بۆ نیشتەجێکردنی بەپەلە لە ناو خێوەتگەکان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. بنیاتنانی خێوەتگە و فراوانکردنی شوێن، و چەسپکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە، بەخێرای زیاد دەکات لە سەرانسەری خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.
- ڕێژەکانی قوربانیانی زەبری دەروونی لە موسڵ بەرزن. لە نێوان ١٨ی شوبات و ٨ی ئاداردا، بەهۆی ململانێکەوە نزیکەی 744 کەس کە برینیان هەبووە لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی چارەسەرکراون لە نزیك ناوچەکانی بەرەی شەڕ لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ.
- کورتهێنانە بەرچاوەکان هەن لە ئاوی خواردنەوە کە بەردەوام بریتی یە لە نیگەرانیەکی گەورەی مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هاووڵاتیان لە زۆربەی گەڕەکەکان لە بەشەکانی باشور و ڕۆژئاوای شاری موسڵ ئەوانیش هیچ دەستیان ناگات بە تۆڕی گشتی و دەستیان دەگات بە ئاوی خواردنەوەی چارەسەرنەکراو. دووبارە دامەزراندنەوەی تۆڕی ئاوی سەرانسەری شار بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە.



Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 5 March, 2017

| 6,000 | 202,000 | 224,000 | 549,000 | 1,300,000 | 1,361,000 |
|---|---|---|---|---|---|
| شوێنی خزمەتگوزاری تەواو لەبەردەستدان بۆ ئاوارە تازە گەیشتووەکان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بەهۆی قەیرانی موسڵ | ڕاوێژکردنەکانی پزیشکی دابین کراون (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی وەردەگرن (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنیان وەرگرتووە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) |

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

لەم هەفتەیەی ٦ی ئادار تاوەکو ١٢ی ٢٠١٧ نزیکەی 18,100 کەس لە ڕۆژئاوای موسڵ ئاوارەبوون بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و داعش، کە لە ڕۆژئاوای موسڵ لە ڕۆژی ١٩ی شوبات دەستی پێکردەوە. لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی ڕۆژئاوای موسڵ دەستی پێکردووە، هەروەك لە ڕۆژی ١٢ی ئاداردا نزیکەی 69,000 کەس ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بە گوێرەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بە گوێرەی ژمارەکانی حکومەت، کۆی گشتی ئاوارەبوونی ڕۆژئاوای موسڵ دەگاتە 92,035 کەس. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی هەوڵەکان لە ئەستۆدەگرێت بۆ باشتر تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی ئەو نارێکیەی کە لە نێوان ژمارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەت هەیە. پاکێجە تەنگەتاویەکانی خۆراك و ئاو بەسەر هەموو ئاوارە گەیشتووەکان دابەشکراوە لە شوێنی پشکنینی ئاسایشی حەمام عەلیل، و ئاویش لە خاڵەکانی کۆبوونەوەی ئاوارەکان دابەشکراوە.

لە نێوان ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ و ١١ی ئاداری ٢٠١٧، نزیکەی 292,848 کەس لە موسڵ ئاوارەبوون، لەو ژمارەیە 68,550 کەس گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان، بە گوێرەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. هەروەك لە ١١ی ئاداردا، نزیکەی 224,298 کەس لە شوێنەکانی ئاوارەبوون و لە ناو خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن بەهۆی دەرئەنجامی قەیرانی مرۆیی موسڵەوە، کە ئەمەش زۆرترین ژمارەی ئەوکەسانەیە لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن لەوکاتەوەی شەڕوپێکدادانەکان دەستیان پێکردووە.

ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژئاوای موسڵەوە ئاوارەبوون بە شێوەیەکی زۆر جولاون لە ڕێگەی خاڵەکانی کۆبوونەوەی ئاوارەکان لە دەوروبەری شارەکە لە ئەبو سەیف، دووڕیانی ئەل عەقرەب (هەروەها ناسراوە بە دووڕیانی دووپشك) و تەل کەیسوم، بۆ حەمام عەلیل، لەوێ کە پشکنینی ئەمن و ئاسایش ئەنجام دەدرێت. خێزانەکان، هەرچەندە، لە دوای پاککردنەوەی خاڵەکانی کۆبوونەوەی ئاوارەکان هەروەها دەنێردرێن بۆ شوێنەکانی دەرەوەی خێوەتگە. خۆراك و ئاوی تەنگەتاوی بەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە بە شوێنی پشکنینەکە تێدەپەڕن دابەشکراوە. دوابەدوای پشکنین، ئەو کەسانە گوازتراونەتەوە بۆ شوێنە تەنگەتاویەکان لە حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە، بۆ خێوەتگەکانی جەدعە و خازر و حەسەن شام، و بۆ خێوەتگەی چەمەکۆر، کە لەم هەفتەیەدا کرایەوە بەتایبەتی بۆ نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژئاوای موسڵەوە ئاوارەدەبن. هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون شوێنێکی ڕەشماڵ، کۆمەکیە سەرەکیەکانی ناوماڵ، پێداویستیەکانی پاك وخاوێنی، و پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژیان وەرگرتووە. لە نیوەی کۆتایی ئەم هەفتەیە، بەلایەنی کەمەوە 10,800 کەس ئەوانیش گوازتراونەتەوە بۆ گۆگجەلی و لەلایەن شارەوانی تۆمارکراون، لەو شوێنەی کە خێزانانی خانەخوێ نیشتەجێیان کردوون یان لە ناو باڵەخانە چۆڵەکان نیشتەجێکراون. هاوکارانی مرۆیی دەستیان دەگات بەو کەسانەی کەوا گوازتراونەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە ڕۆژەکانی داهاتوودا.

توانای ئێستای خێوەتگە لەبارە بۆ لەخۆگرتنی ئەو کەسانەی کە تازە ئاوارە دەبن لە ڕۆژئاوای موسڵەوە. هەروەك لە شەوی ١٢ی ئاداردا، 6,052 شوێن کە خزمەتگوزاری تەواویان هەیە بەرجەستەکرابوون بۆ نیشتەجێکردنی بەپەلە لە ناو خێوەتگەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. بنیاتنانی خێوەتگە و فراوانکردنی شوێنەکە، و چەسپکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە، بە خێرایی زیاد دەکەن لە سەرانسەری خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

نیگەرانیە ڕاستەقینەکان دەمێننەوە بۆ پاراستنی نزیکەی 750,000-800,000 هاووڵاتی، کە پێش ململانێکە خەملێندرابوون لە ناو ڕۆژئاوای شارەکە ژیان دەگوزەێنن، لەو شوێنەی کە خۆراك و دەرمان و پێداویستیە سەرەکیەکانی ناوماڵ و سووتەمەنی کەم دەبنەوە. بە هەبوونی شەقامە تەسکەکان و زۆری ژمارەی دانیشتوان لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هاووڵاتیان لە مەترسیەکی گەورە دان لە کەوتنە بەر تەقەکردن، و پێدەچێت ژێرخان زیانی بەرکەوێت.

کورتهێنانە بەرچاوەکان لە ئاوی خواردنەوە وەکو نیگەرانیەکی گەورەی مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەمێنێتەوە.هاووڵاتیان لە زۆربەی گەڕەکەکان لە بەشەکانی باشور و ڕۆژئاوای شاری موسڵ هیچ دەستیان ناگات بە تۆڕی گشتی ئاو و دەستیان دەگات بە ئاوی خواردنەوەی چارەسەرنەکراو. دووبارە دامەزراندنەوەی تۆڕیی ئاوی سەرانسەری شار بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە.

ڕێژەکانی قوربانیانی زەبری دەروونی لەسەرانسەری موسڵ بەرزن. لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ڕۆژئاوای موسڵ دەستی پێکردووە لە ڕۆژی ١٩ی شوبات. زیاتر لە 744 کەس چارەسەرکراون لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی بۆ برینەکانی کە پەیوەندیان بە ململانێکەوە هەیە.

بە گوێرەی سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانی سەر بە حکومەت، لە نێوان ٢٠ی شوبات و ٣ی ئادار، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران خۆراك و کەل و پەلە ناخۆراکیەکانی دابەشکردووە بەسەر ئاوارەکانی ناو خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و مەدرەج و حاج عەلی و دیبەگە و حەمام عەلیل و لە شوێنە تەنگەتاویەکان و لە لادێیەکانی ڕفیلە و جێرین، و ئەل هەمزە، هەروەها لە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان لە حەمام عەلیل. ئەم هاوکاریە لەوانە 9,237 پارچەی خۆراکی ووشك، 5,936 پێداویستیەکانی تەندروستی، 2,680 دەستەکانی چێشتخانە، 7,637 فەرشەکان، 4,396 گەرمکەرەوە نەوتیەکان، و 3,500 دەستەی ئاو.

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**475,231**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- ئاوارەبوونەکان بەردەوامن لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ بۆ شوێنی پشکنینی ئاوارەکان لە حەمام عەلیل، و دواتر بۆ خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و بۆ شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە. زۆربەی ئەو خێزانانەی کە تازە ئاوارەبوون ئەوانیش گوازتراونەتەوە بۆ خێوەتگەی چەمەکۆر ، لەو کاتەی ئەوانی تر لەلایەن کۆمەڵگا ناوخۆییەکان نیشتەجێکراون لە گۆگجەلی. خێزانەکان خۆراك و ئاویان وەرگرتووە لەوانە پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە لە شوێنی پشکنینی ئاوارەکان و پێداویستی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەی تەواو وەردەگرن، کەو ئەویش لەوانە پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی و پێداویستی ئافرەتان، لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

| کەس | منداڵ | شوێنی دابەشکردن |
|---|---|---|
| 4,464 | 2,455 | شوێنی حاج عەلی |
| 6,566 | 3,611 | شوێنی بنکەی ئاسمانی گەیارە |
| 1,620 | 891 | خێوەتگەکانی جەدعە ٣ و ٤ |
| 83,526 | 45,939 | شوێنی حەمام عەلیل |
| 6,382 | 3,510 | خێوەتگەی چەمەکۆر |
| 1,992 | 1,096 | خێوەتگەی خازر ١ |
| 26 | 14 | سادیە ١ |
| 50 | 28 | خاڵی پشکنینی ئەل بەیاچی |
| 197 | 108 | خێوەتگەی نەرگیزلە ١ |
| 1,000 | 550 | خاڵی پشکنینی تەل کەیسوم |
| **105,823** | **58,203** | **کۆی گشتی** |

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە 15,460 پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 105,823 کەس لە 17,927خێزان، لەوانە 58,203 منداڵ. 83,525 کەس، کە نزیکەی لەسەدا هەشتای ئەو کەسانە پێکدێن کە هاوکاریان کراوە، ئەو کەسانەی کە پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەیان وەرگرتووە لە شوێنی حەمام عەلیل بۆ پشکنینی ئاوارەکان، دوابەدوای ئەویش 6,566کەس لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە و 6,382 کەسیش لە ناو خێوەتگەی چەمەکۆر، هەروەکو چۆن لە خشتەکە نیشان دراوە.
- لەو کاتەوەی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، هاوکارانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 475,231 کەس (لەوانە 261,377 منداڵ) ، لەو ژمارەیە 30,199 کەس هاوکاری کراون لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هەروەك لەوانەیە خەڵکی چەندین جار ئاوارەبووبن، ئەگەری هەیە هەندێك کەس هاوکاری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەیان زیاتر لە جارێك وەرگرتبێت.
- هەرپێداویستیەکی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە کە بڕیارواپە بۆ کۆمەککردنی هەر خێزانێك بێت بۆ ماوەی هەفتەیەك، کە پێك دێت لە 6.4 کیلۆگرام لە پارچەکانی خۆراکی بەهاناوەچوونی بەپەلە، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی و پێداویستیەکی ئافرەتان، 12 لیتری ئاوی خواردنەوەی لە بوتڵکراو و هەڵگرێکی ئاو.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاوەکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

**6,052**
شوێن لەبەردەستدان بۆ ئاوارە تازە گەیشتووەکان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- 201,649 ئاوارە (40,827 خێزان) لە ئێستادا لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە ماونەتەوە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و شوێنە نافەرمیەکان ژیان دەگوزەرێنن.
- گەڕانەوەی ئاوارەکان بەردەوامە بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە خێوەتگەکانەوە بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، بە تایبەتی لە خێوەتگەکانی نەرگیزلە و قەیماوە و حەسەن شام و خازر.

بەهاناوەچوون:

- هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە پێشنیاری کردووە کە هەموو تواناکە لە ناو خێوەتگەکانی ئێستا بخرێنە کار بۆ ئەو ئاوارانەی ڕۆژئاوای موسڵ لەو کاتەی بنیاتنانی زیاتری خێوەتگە و فراوانکردنی بەردەوامە.
- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، 1,170 خێزان نیشتەجێکرابوون لە خێوەتگەی چەمەکۆر، کە دەرگای کرایەوە لە سەرەتای ئەم هەفتەیە.

- هەروەك ژمارەی ئاوارەكانی دامەزراوەكانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە زیادی كردووە، هاوكارانی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەیەكەوە كاردەكەن لەسەر جێبەجێكردنی هەڵسەنگاندنێكی بەهاناوەچوونی بەپەلە بۆ دەستنیشانكردنی دامەزراوە نافەرمیەكان لەو شوێنەی كە ئاوارەكان پێویستیان بە هاوكاری بەپەلەیە.

بۆشاییەكان و ڕێگریەكان:

- ئاوارەكان بەردەوامن لە جولەكردن بۆ شوێنە تەنگەتاویەكانی بنكەی ئاسمانی گەیارە و حەمام عەلیل و حاج عەلی، سەرەڕای كورتهێنانەكانی ئاسانكاریەكانی ئاو و تەوالێت و حەمام.
- خێوەتگەی سەلامیە پێویستی بە فراوانكردنی ئاسانكاریەكانی تەوالێت و حەمامە، پەرژینلێدان و كارەبا بۆ گونجاوی لەگەڵ ستاندەرە نێودەوڵەتیەكان.

## پەناگە و كەل و پەلە ناخۆراكیەكان

پێویستیەكان:

**628,218**
كەس هاوكاری كراون بە پێدانی پێداویستیەكانی كەل و پەلە ناخۆراكیەكان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەكەم

- خەڵكی لە دامەزراوەكانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە بەردەوام پێویستیان بە كەل و پەلە ناخۆراكیەكان و پەناگەی گونجاوە. ئەمانەش تیایاندا لەوانە ئەو خێزانە ئاوارانەی كە لە پەناگەی كاتیدا نیشتەجێن، ئەو كەسانەشی كە لەگەڵ خێزانە خانە خۆییەكان دەمێننەوە، و كەسانی تری زیان پێگەیشتوو لە وێ دەمێننەوە یان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەكانی خۆیان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی هەفتەیە 5,203 پێداویستیە سەرەكیەكانی كەل و پەلی ناخۆراكی لە ناو خێوەتگەكان دابەشكرابوون؛
- لە كۆی گشتی، 81,739 خێزانە هاوكاری كراون بە پێدانی كەل و پەلە تەواوكاریەكانی وەرزی – فەرشە تەواوكاریەكان، بەتانیەكان، لێفەكان، تەباخەكان و گەرم كەرەوەكان، لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٦.
- دابەشكردنەكانی كەل و پەلە ناخۆراكیەكان لە ناو خێوەتگەكان لە ماوەی ئەم هەفتەیە بە شێوەیەكی سەرەكی جەختی كردبۆوە لەسەر خێوەتگەكانی حەسەن شام U3 و M2، خێوەتگەی خازر M1، و خێوەتگەی چەمەكۆر، خێوەتگەی حەمام عەلیل، و خێوەتگەی نەرگیزلە١ و نەرگیزلە٢.
- لەو كاتەوەی دەستپێكی بەهاناوەچوون، كۆی گشتی 104,703 پێداویستیەكانی كەل و پەلە ناخۆراكیەكان (لەوانە 30,349 پێداویستیەكانی كەل و پەلە ناخۆراكی گەڕۆك و 74,174 پێداویستیە سەرەكیەكانی كەل و پەلی ناخۆراكی) دابەشكرابوون، هاوكاری گەیاندۆتە دەستی زیاتر لە 628,218 كەس. لەگەڵ ئەوەشدا، كۆی گشتی 26,771 پێداویستیەكانی كەل و پەلە سەرەكیەكانی وەرزی زستان لەوانە گەرمكەرەوەكان، فەرشە گەرمەكان و گالۆنەكانی سووتەمەنی دابەشكرابوون، هاوكاری گەیاندۆتە زیاتر لە 160,626كەس، زیاتر لە 106,243 پێداویستیەكانی جل و بەرگ ئەوانیش دابەشكراون.
- دابەشكردنی 745 پێداویستیەكانی داپۆشینی پەناگە لە دامەزراوەكانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە لە گەڕەكەكانی شارۆچكەی گەیارە لەم هەفتەیە.
- كۆی گشتی 42,259 ڕەشماڵی خێزانی تاوەكو ئێستا دانراون بۆ دابین كردنی پەناگە لە ناو خێوەتگەكان و شوێنە تەنگەتاویەكان بۆ نزیكەی 253,554 كەس، لەگەڵ 8,262 پێداویستیەكانی پەناگەی تەنگەتاوی و 9,023 پێداویستیەكانی داپۆشینی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشكراون لەو كاتەوەی ١٧ی تشرینی یەكەم، كە سوود دەگەێنێت بە نزیكەی 103,710 كەس.
- گرووپەكە لە ئێستادا ئامادەكاری دەكات بۆ دابەشكردنەكانی بەهاناوەچوونی وەرزی هاوینە.

بۆشاییەكان و ڕێگریەكان:

- هەماهەنگی كردنی بەهاناوەچوونی گرووپەكە تووشی بەرەنگاری بووەتەوە لەو كاتەی هاوكاران بە گونجاوی و بە بەردەوامی كۆمەكیەكانیان تازە ناكەنەوە، كۆگاكان پێش وەختە دانانێن. هیچ تازەكردنەوەیەك لەسەر بەهاناوەچوونەكان بۆ موسڵ تۆمارنەكراون لەلایەن هاوكاران لە ناو مێزگەردی تازەی بەڕێوەبردنی زانیاری و ڕاپۆرتكردن لەم هەفتەیە.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

پێویستیەكان:

**628,218**
كەس هاوكاری كراون بە پێدانی پارچەكانی خۆراكی ٣٠ ڕۆژە لە نێوان ٥ ئادار – ١١ی ئاداری ٢٠١٧

- خێزانە ئاوارەكان، ئەو كەسانەی كە زیانیان پێگەیشتووە لەو ناوچانەی كە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، پێویستیان بە خۆراكی ئامادەكراوە بۆ خواردن و پارچەكانی خۆراكی ووشك لە كاتی گەیشتنیان بە شوێنەكانی پشكنینی ئاوارەكان و خێوەتگەكان.
- لەو ناوچانەی كە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، خێزانەكان ڕاپۆرت دەكەن لەبارەی دەرفەتە سنوردارەكانی ژیان و گوزەران، وهەندێك كەس دەستیان ناگات بە سیستەمی گشتی دابەشكردنی خۆراك.

بەهاناوەچوون:

- لەم هەفتەیە هاوکاران پارچەکانی خۆراکی ووشکیان دابەشکردووە بەسەر 9,912 خێزان (49,560 کەس): 1,069 خێزان (5,345 کەس) لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە، 1,750 خێزان (9,800 کەس) لە شوێنی تەنگەتاوی حەمام عەلیل، 1,233 خێزان (6165 کەس) لە خێوەتگەی جدعە ٤، 2,684 خێزان (13,420 کەس) لە خێوەتگەی خازر M1، 951 خێزان (4,755 کەس) لە خێوەتگەی حەسەن شام M2، 940 خێزان (4,700 کەس) لە خێوەتگەی حەسەن شام U3، و 575 خێزان (2,875 کەس) لە خێوەتگەی چەمەکۆر.
- هاوکاران ڕاپۆرتیان کردووە کە پارچەکانی خۆراکی تەنگەتاوی ئامادەکراو بۆ خواردن دابەشکرابوون بەسەر 2,176 خێزان (10,880 کەس) لە ماوەی ئەم هەفتەیە: 741 خێزان (3,705 کەس) لە گەڕەکی ئەل خەزرا، 660 خێزان (3,300 کەس) لە گەڕەکی مامون، و 775 خێزان (3,875 کەس) لە تەحریر.
- هاوکاران ڕاپۆرتیان کردووە بۆ ژەمەکانی لێندراو بۆ 2,388 کەس: 1,799 کەس لە چەمەکۆر و 589 کەس لە خێوەتگەی حەسەن شام M2.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بەهۆی ڕێگریەکان لەسەر جولانەوەی مەڕوماڵات لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و نەینەوا، و نەبوونی شوێن لە ناو خێوەتگەکان بۆ مەڕوماڵات، هەندێك لە ئاوارەکان بەنیازنین یان ناتوانن بگوازرێنەوە بۆ ناو خێوەتگەکان.

## تەندروستی

**549,423**
کەس ڕاوێژکردنەکانی تەندروستیان وەرگرتووە لەوەتەی١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی داواکراوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت.
- بەڕێوەبردنی حاڵەتەکانی زەبری دەروونی پێویستە، هەروەك حاڵەتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکەن.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی تەندروستی ڕاپۆرتیان کردووە بۆ کۆی گشتی 24,238 ڕاوێژ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 5,013 ڕاوێژ بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی ئەنجام درابوون.
- لەم هەفتەیە، 3,841 ڕاوێژی چاودێری تەندروستی ئافرەتانی دووگیان ڕاپۆرت کرابوون و 1,058 ڕەوانەکردنەکانی تەنگەتاوی ئەنجام درابوون، لەوانە 104 حاڵەتی ڕەوانەکردن کە پەیوەندی بە ئاڵۆزیەکانەوە هەیە لە ماوەی دووگیانی یان منداڵ بوون. 263ڕاوێژ بۆ تەندروستی دەروونی یان هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەوانیش ئەنجام درابوون.
- لەم هەفتەیە، کۆی گشتی 1,312 کوتانی ئیفلیجی و سۆریکە ئەنجام درابوون بۆ 712 کچ و 600 کوڕ کە تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵیەوەیە.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تەندروستی عێراقی و هاوکارانی تری تەندروستی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەوڵەکانی بەهاناوەچوون ڕێکدەخات بۆ ١٥ حاڵەت کە بەرکەوتوون بە ماددەی کیمیاوی ژەهراوی لە موسڵ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر چارەسەرکراون.
- لە ڕۆژی ٤ی شوبات، وەکو بەشێك لە پلانی بەهاناوەچوونی زەبری دەروونی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نەخۆشخانەی مەیدانی عەتبەی لە نزیك ناوچەکانی هێلی پێشەوەی شەڕ دامەزراندووە لە ڕۆژئاوای موسڵ بۆ بەهاناوەچوونی ژمارەیەکی زۆری حاڵەتەکانی نەخۆشی زەبری دەروونی.
- پێنج پێداویستیەکانی تەندروستی تەنگەتاوی فرە ئاژانس و دوو پێداویستی تەواوی فرە ئاژانس بۆ نەخۆشی ئیسحاڵی کە بەشی تەواو دەکات بۆ 7,000 کەس، بەخشرابوو بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەوا.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- سەرچاوەی مرۆیی تەواو لەبەردەستدا نیە بۆ هاوکاری کردنی ژمارەیەکی زۆری حاڵەتەکانی زەبری دەروونی کە بینراون لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی و نەخۆشخانە مەیدانیەکان. شارەزایانی زیاتری زەبری دەروونی پێویستن.
- کورتهێنانێك هەیە لە سووتەمەنی و ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن بۆ ڕەوانەکردنی حاڵەتەکانی کە زەبری دەروونیان هەیە بۆ دەرەوەی شاری موسڵ.
- کورتهێنانێك هەیە لە چاودێری دوای ئۆپەراسیۆن لە پارێزگای نەینەوا.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

**1,316,776**

کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

### پێویستیەکان:

- هاوکارانی گرووپی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی پێویستیان بە چەسپکردنی ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمامە بۆ 5,000 شوێن لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە. هەروەها ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام بۆ 7,500 شوێن پێویستە چەسپ بکرێن لە شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی.
- ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ پێویستی بە ڕێگا بەردەوامەکانە بۆ گەیاندنی ئاوی خواردنەوەی خاوێن و بەڕێوەبردنی پاشماوە.
- بەرجەستەبوونی گونجاوی ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام لە ناو قوتابخانەکان لەو ناوچانەی کە ئازادکراونەتەوە وەکو پێوستیەکی بەرچاو بەرزکراونەتەوە.
- ئەو کەسانەی کە بەم دواییانە لە موسڵەوە ئاوارەبوون پێویستیان بە ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمامە لە خاڵەکانی پشکنینی ئاسایش بۆ ئاوارەکان و شوێنە کاتیەکانی گواستنەوەی ئاوارەکان.

### بەهاناوەچوون:

- 190,653ئاوارە کە دەکاتە (31,775خێزان) خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان.
- لەو کاتەوەی کۆتایی مانگی کانوونی دووەم، هاوکارانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك وخاوێن  قەبارەی 2,300 مەتر سێجا لە ئاوی خواردنەوە بە تەنکەر دەنێرن بۆ ٢٨ گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لەسەر بنەمایەکی ڕۆژانە.
- هاوکارانی گروپ ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام فراوان دەکەن بۆ 4,000 شوێن لە خێوەتگەکەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە حەمام عەلیل و ئاسانکاریەکانی تەوالێت و حەمام پەرەپێدەدەن بۆ 5,000 شوێن لە ناو خێوەتگەی حەمام عەلیلی سەر بە ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران.
- لە کۆی گشتی، 45,962 شوێنی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لەسەرانسەری خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان و 564 شوێن لە شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان، بۆ ئەگەری خزمەتکردنی 279,156 ئاوارە.
- چەسپکردنی تۆڕی بۆڕی ئاو بۆ یەکەم 2,100 شوێن لە شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی تەواوکراوە.

### بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ نۆژەنکردنەوەی ووێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو بە خێرایی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ پێویستە.

## پاراستن

**343,544**

کەس هاوکاری پاراستنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

### پێویستیەکان :

- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ماڵەکانی خۆیاندا ئاوارەبوون، بەبێ ئاستەنگ، بۆ ئەو ناوچانەی کە سەلامەتن لەوێ دەتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی مرۆیی.
- بەردەوامیدان بە خەسڵەتی مەدەنی شوێنەکانی ئاوارەبوون بریتی یە لە پێویستیەکی گەورە لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان لە باشوری شاری موسڵ.
- پێویستیەك هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە جیابوونەوەی خێزان لە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان/شوێنە کاتیەکانی گواستنەوەی ئاوارەکان.

### بەهاناوەچوون:

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 343,544 کەس لەلایەن هاوکارانی پاراستنەوە هاوکاری کراون.
- 32هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەنجام دراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان. لە هەفتەی ڕابردوودا، هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن لە ناو خێوەتگەی حەمام عەلیل بەکۆتا هێندراوە و بەشداری پێکراوە لەگەڵ هاوکارە سەرەکیەکان. هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەوەی دۆزیوەتەوە کە هاوکارانی چەکدار بە ئازادانە جولەدەکەن لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان، جیاکردنەوەی خێزانەکان بریتی یە لە نیگەرانیەك کە لە زیادبوونە، کێشەکانی پاراستنی منداڵان پێویستی بە بانگەشەیەکی گەورەترە، و زۆربەی خێزانەکان دەستیان ناگات بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 20,681 کەس هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و 13,197حاڵەت لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستنەوە ڕەوانەکراون بۆ هاوکاری تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 2,168 منداڵ کە دەکاتە (939 کچ و 1,229کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە، و 148 منداڵ کە دەکاتە (74 کچ و 74کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی

یەکەم، 47,427 منداڵ کە دەکاتە (22,942کچ و 24,485کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 51,572 منداڵی تر کە دەکاتە (24,747کچ و 26, 825کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.

- 66 منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەکانیان کە دەکاتە (26کچ و 40کوڕ) لە هەفتەی ڕابردوودا تۆمارکرابوون، بەمەش کۆی گشتی دەگێنێتە 1,159 منداڵ کە دەکاتە (468کچ و 691کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. 189 منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەکانیان کە دەکاتە (127کچ و 62کوڕ) دووبارە لەگەڵ خێزانەکانیان بەیەکترشادبوونەتەوە لەم هەفتەیە، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 676 منداڵ کە دەکاتە (306کچ و 370کوڕ) بەیەکترشادبوونەتەوە لەوکاتەوەی ١٧ی تشرینی یەکەم. 152منداڵ کە دەکاتە (52کچ و 100کوڕ) کە نیگەرانیەکانی پاراستنیان هەیە ڕەوانەکراون بۆ خزمەتگوزاریە تایبەتەکان، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 3,258منداڵ کە دەکاتە (1,424کچ و 1,834کوڕ) لەوکاتەوەی١٧ی تشرینی یەکەم.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 393ئافرەت و 380کچ و 91 کوڕ و 17 پیاو هاوکاری کراون بە پێدانی زانیاری لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی، لەوانە کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەن لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. چوار پیاو، ١٩ ئافرەت و ١٢ کوڕ و ١٠ کچ ڕەوانەکراون بۆ چاودێری جۆراوجۆری تایبەت لەوانە تیایدا بەڕێوەبردنی حاڵەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی، لە خێوەتگەی نەرگیزلە ١. 142کچ و 168ئافرەت و کچ هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی تەنگەتاویان وەرگرتووە، و 19کەس هاوکاری یاسایی پەیوەندیدار بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزیان وەرگرتووە. 650 پێداویستیەکانی ئافرەتان سەبارەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی دابەشکرابوون لەگەڵ زانیاری لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەن لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. خزمەتگوزاریەکان دابین کرابوون لە ڕێگەی ١٠ سەنتەری ئافرەتان و ٦ تیمی گەڕۆکی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی پۆلینێکی ڕەگەزی بۆ تەوالێت و حەمامەکان لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان، و نەبوونی ڕووناککەرەوەی کاتی شەو بە تایبەت بۆ شوێنەکانی ئافرەتان و کچان کە ئەمەش مەترسیان لەسەر دروست دەکات بۆ توندوتیژی سێکسی.
- توانای گەورەتر پێویستە بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەبردنی چڕوپڕی حاڵەتی منداڵانی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەکانیان.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

> **32,839**
> لە کوڕان و کچان ناونووسکراون بۆ خوێندن لە 25 ژینگەکانی فێربوونی کاتی

- لە نێوان ئەو کەسانەی کە بەم دواییانە ئاوارەبوون بەهۆی تەنگەتاوی موسڵەوە، 78,504 منداڵ بریتین لەو منداڵانەی کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە لەو ژمارەیە، 45,665 منداڵ لە ئێستادا دەستیان ناگات بە هیچ جۆرێکی پەروەردە. ئەم ژمارانە بە خێرایی زیاد دەکەن، لەو کاتەوەی ئاوارە تازەکان بەردەوام لە ڕۆژئاوای موسڵەوە ڕادەکەن.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گرووپی پەروەردە دامەزراندنی ژینگەکانی فێربوونی کاتی تازەیان تەواوکردووە لە حەمام عەلیل، کە سوود دەگەێنێت بە 700 منداڵ. 139 منداڵی ئاوارەی تر کە دەکاتە (لەسەدا 48ی کچانن) تازە هاوکاریان وەرگرتووە لە بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمی لە ناو خێوەتگەکانی نەرگیزلە ١ و خازر M1 و حەسەن شام M2، و جەدعە و لە شوێنە تەنگەتاویەکانی حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە و شاری تکریت.
- هەمووی بەسەریەکەوە دەگاتە، 32,839 منداڵی ئاوارە کە دەکاتە (17,338کوڕ و 15,501کچ) بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانی پەروەردە لە ناو ژینگەکانی فێربوونی کاتی لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و زێلکان و نەرگیزلە١ و قەیماوە، لە ناو شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی، لە پۆلە نۆژەنکراوەکان لە شارەکانی تکریت و عەلەم. هەروەها لە گەڕەکی قادسیەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەستیان پێکردووە.
- دوابەدوای دەستپێکی پەروەردەی فەرمی لە دامەزراوەکانی خێوەتگە، 3,000 منداڵ (نزیکەی ٥٠ لەسەدای کچانن) ناونووسکراون لە ناو خێوەتگەی خازر و 3,915 منداڵ کە (55 لەسەدای کچانن) تاوەکو ئێستا ناونووسکراون لە ناو خێوەتگەی حەسەن شامU3 و حەسەن شام M2ناونووسکردنی هاوشێوەش لە ناو ژینگەکانی تری فێربوون تەواوکراون لە ناو خێوەتگەی قەیماوەش بەردەوامیان هەیە.
- لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، زیاتر لە 4,000 مامۆستا و 90,000 قوتابی کۆمەکیەکانی فێرکردن و فێربوونیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، زیاتر لە 1.4 ملیۆن پەرتووك گەێندراونەتە 200 قوتابخانە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، بە درێژایی لەگەڵ زیاتر لە 3,000 کورسی و 1,000 تەختە سپی.
- ژینگەکانی فێربوونی کاتی لە ناو خێوەتگەکانی چەمەکۆر و حەمام عەلیل لەم هەفتەیە کراونەتەوە، لەگەڵ تۆمارکردنی ناوی منداڵان، و دامەزراندن و مەشقپێکردنی ئاسانکاران هێشتا بەردەوامیان هەیە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- شوێنی تەواو نیە بۆ پەروەردە کە تەرخانکراوە لە ناو خێوەتگە تازە پلان بۆدانراوەکان بۆ ئاوارەبوونی ڕۆژئاوای موسڵ، لەوانە سەلامیە و حەسەن شام U2.

- دانیشتنەکان لەسەر پەروەردەی مەترسی مین بەپەلە پێویستن لە ناو قوتابخانەکانی کە تازە دەرگاکانیان کراوەتەوە و لە ناو ژینگەکانی فێربوونی کاتی لە ناو خێوەتگە، بە تایبەتی لە حەمام عەلیل، کە زۆر نزیکە لەو شوێنەی کە پیسبووە بەهۆی تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان.
- هاوکاری بەردەوام پێویستە لەلایەن هاوکارانی کاری مین هەڵگرتنەوە بۆ پشکنینی زیاتر و پاککردنەوەی ناوچەکە لە تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان لە ناو قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی موسڵ و گەیارە.
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا هێشتا ناتوانێت مووچەی مامۆستا فەرمیەکان بدات بۆ کارکردن لە ناو هەموو قوتابخانە رەشماڵەییە فەرمیەکان کە پێویستن لە ناو خێوەتگەکان.

## کەل و پەلەکان

**2,329 مەترسێجا**
لە بارهەڵگری کەل و پەلی ناخۆراکی لەم هەفتەیە رادەستکراوە

شوێنی کۆگای باو کە بەرجەستەیە:

- لەو کاتەوەی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، قەبارەی 40,664 مەتر سێجای کۆمەکی کەل و پەل، کە هاوتایە بە 8,282 مەتر تەن، بە ناوی 33 رێکخراوی مرۆییەوە رادەستکراوە.
- گروپێکی کاری هاوبەش بەرێوەبرا لە رۆژی ٧ی ئادار بۆ پێشکەشکردنی رێ و شوێنە باشترکراوەکان و ئەنجامەکانی میکانیزمی پاکانەی گومرگ بۆ هاندانی پەیوەندی کردنی راستەوخۆ لە نێوان هاوکارانی پەیوەندیدار. نزیکەی ٥٠ کەس لە گروپی کەل و پەل، لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی سەر بە کارگێری کوردستان و رێکخراوانی بەشدار ئاستەنگەکان و باشترین مەشقەکانیان دەستنیشان کردوون.
- گروپی کەل و پەل دوو یەکەی کۆگای گەڕۆکی لە ناو خێوەتگەی دیبەگە داناوە، بۆ دابین کردنی ناوچەیەکی تر بە قەبارەی 480 مەتر دووجا لە شوێنی کۆگای باو بۆ کۆمەڵگای مرۆیی. دوو یەکەی کۆگای گەڕۆکی تر دانرابوون لە حەمام عەلیل بە قەبارەی (480 مەتر دووجا) بۆ هاوکاری کردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ رۆژئاوا و باشوری شاری موسڵ.
- هاوکارێکی رێکخراوی ناحکومی گروپی کەل و پەل بە فەرمی بەرپرسیارێتی بەرێوەبردنی کۆگاکەی لە گۆگجەلی گرتوتە ئەستۆ کە قەبارەکەی بریتی یە لە (2,100 مەتر دووجا) و ئێستا کەل و پەلە مرۆییەکان وەردەگرێت.
- نزیکەی قەبارەی 26,075 مەتر سێجا لەبەردەستدایە کە دەکاتە (38 لەسەدای ئێستا داگیرکراوە).

بۆشاییەکان و رێگریەکان:

- ژمارەیەکی زۆرتری خەڵك ئاوارە دەبن لە رۆژئاوای شاری موسڵەوە، شوێنی کۆگای زیاتر هێشتا پێویستە لە ناو حەمام عەلیل.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

**رۆژانە**
هاوکاری کردن بۆ رێکخراوە ناحکومیەکان بە هاوکاری کردنی ژێرخانی پەیوەندییە مرۆییەکان

بەهاناوەچوون:

- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەردەوامە لە هاوکاری کردنی کۆمەڵگای مرۆیی کە بەهانای قەیرانی موسڵەوە دەچێت لە رێگەی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیەکانی ئاسایش و بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت لە رێگەی نووسینگەیەکی رێکخراوی ناحکومی لە ناو شارۆچکەی گەیارە و لە ناو نووسینگەکانی هاوکارانی مرۆیی لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان و رێکخراوی تیلیکۆمس سانس فرۆنتیریس کاروانێکی ئەنجام داوە بۆ گەیارە بۆ باشترکردنی بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت لەو ناوچەیەدا.

بۆشاییەکان و رێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو راپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

**رۆژانە**
بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە موسڵەوە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

بەهاناوەچوون :

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا، سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق201 پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام داوە کە پەیوەندیان بە موسڵەوە هەبوو. نزیکەی 79لەسەدای پەیوەندیەکان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام درابوون و 21 لەسەداش لەلایەن ئافرەتانەوە ئەنجام درابوون. چوار پۆلینی سەرەکی پەیوەندیەکان ئەنجام درابوون بۆ پرسیارکردن لەبارەی هاوکاری خۆراك (37 لەسەدای پەیوەندیەکان) و دوابەدوای ئەویش پرسیارەکان لەبارەی خزمەتگوزاریە پەیوەندیدارەکانی حکومەت کە دەکاتە (17 لەسەدا)، هاوکاری کردن بە پارەی کاش (١٥ لەسەدا)، و پاراستن (١٢ لەسەدا).

- هەروەك لە ١٢ی ئادار، تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوون کە سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیە ڕاپۆرتی کردووە کە 224,298 کەس لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن وەك دەرەنجامێك بەهۆی شەڕوپێکدادانەکان لە ناوەوە و دەوروبەری شاری موسڵ، کە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەستیان پێکرد.
- لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ەوە بۆ ئاداری ٢٠١٧، ڕێکخەرانی مەیدانی گەڕۆك لە لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق 176 کاروانی کۆکردنەوەی زانیاریان ئەنجام داوە بۆ لادێیەکان و شارۆچکەکان بەپەلە لە باکور و ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری شاری موسڵ لەگەڵ دەستگەیشتن بە کاربەدەستان لە 202 شوێن لە ناو خودی هەمان ناوچەکان، لەوانە: بەعشیقە (٢٦)، تەلکێف (٨)، تەلعەفەر (٦)، بەرتلە (٦)، حەمدانیە (١٨)، نەمروود (٣٠)، مەخمور (٦)، ئەلشورە(٣٠)، گەیارە (٢٠)، حەترە (٢)، ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ (٧) و حەمام عەلیل (١٥). لە نێوان ٤-١٠ی ئادار، ڕێکخەرانی مەیدانی ١١ کاروانیان ئەنجام داوە: ٣ بۆ تەلعەفەر، ١ بۆ دهۆك و ٤ بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، ١ بۆ حەمام عەلیل و ٢ بۆ گەیارە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردەی گرووپی ئاژانسەکانی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و کە لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی سەرکردایەتی دەکرێن و هەفتەی دوو جار کۆدەبنەوە بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وولات وەکو پێکهاتە ستراتیجیەکەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ سەرپەرشتی کردنی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. گرووپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا، هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەراسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. کۆبوونەوەیەکی سەنتەری ئۆپەراسیۆنی مرۆیی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران وسەنتەری هەماهەنگی و چاودێری کردن و سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و هاوکارانی گروپ و ڕێکخەرانی ناوچە هەفتانە بەڕێوە دەچێت. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە

توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چەکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەلوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
دامیان ڕانس، rance@un.org

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D